The Centre of Halabja
Against Anfalization and
Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u
Cînosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

# ڕاپۆرتی ساڵانەی جاك لەسویسرا

ڕۆژی یەکشەممە،بەرواری **2007/2/4** کۆمیتەی جاک لەووڵاتی سویسرا کۆبونەوەی ئاسایی خۆی گرێدا،ژمارەیەکی بەرجاولەئەندامان بەشداری کۆبونەوەکەبوون.

لەم گردبونەوەیەدا زۆر بابەتی ڕێکخراوەیی ، سیاسی وجەماوەری پەیوەست بەئامانج و مەیدانەکانی هەلسووڕانی چاک باس وخواستیان لەسەرکرا،لەگۆشەنیگای چاکەوە مەسەلە زۆر هەستیار وگرنگەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی عێراق و کوردستان شرۆڤە وتاوو توێ کران .

پلان وهەڕەشە سیاسی وسەربازییەکانی دەولــەتی داگیرکەرو زۆر ڕەگەزپەرستی تورکیا بەرامبەر دۆزی ڕەوای گەلەکەمان بەگشتی و هەوڵ ودژایەتیە بێسنوورەکانی بۆشکست پێهێنانی ئەزموونی کوردستانی باشوور بەتایبەتی ، تەوەرەیەکی تری باسەکانی کۆبونەوە بوو.

سەرجەم ئامادەبووان لەسەرمەترسی بارودۆخ وپیلانگێڕی ئەم جارەی تورکیا هەستیاریان نیشانداو سەرسامی بێ ئەوپەڕی خۆیان لە گوتارو سیاسەت و هەلوێستی فاشیستی تورکیا دەربڕی .لەهەمان کاتداخۆازیاری ئەوەبوون وبەپێوویستیان زانی کە بزووتنەوی ڕزگاریخوازی گەلی کوردیش،لەبەرامبەرستراتیجی ڕاگەیاندراوی (**2007**) ی تورکیا،خاوەنی گوتارو ستراتیجی هاوبەش بن وئیرادەی سیاسی وجەماوەری یەگرتوی کوردستان بۆمافی دیاریکردنی چارەنووس بێنە مەیدان،ئەرکی چاکیشەلەم پێناوەداهەمووهێزووتوانایی خۆی بخاتەگەڕووبێتەداینەمۆی یەکێتی ویەکڕیزی نەتەوەکەمان.لەسەرئاستی دەرەوەش هەرچی زیاتر خەسلەتی ئاپارتایدونەخشەی جینۆسایدی تورکیابۆڕای گشتی جیهان ئاشکرابکات ومەرامەدزێوەکانی لەقاوبدات.

وەرگرتنی مۆلەتی فەرمی بۆکارکردنی ڕێکخراوی چاک لەسویسرا بابەتێکی تری قسەو باسەکان بوو،لەمبارەیەشەوە هەموو ڕێ وشوێنێکی پێویست وکرداری بۆئەم کارەدیاریکران،بەم زووانە چاک لە ووڵاتی سویسرا دەبێتەخاوەنی مۆلەتی فەرمی کارکردن.

بەرزڕاگرتنی یادی کارەساتی هەلەبجە و خۆئامادەکردن بۆئەنجامدانی چالاکی بەشکۆ لەم مەیدانەدا،باسێکی تری کۆبوونەوەکە بوو.دەستەبەرکردنی پێداویستیەکانی ئەم مەراسیمەو ئەنجامدانی بەشێوەیەکی هونەری وسەرنج ڕاکێش،خواست و وویستی ئەندامان بوو. بۆئەم مەبەستەکۆمیتەیەک بۆشوێن کەوتنی کارەکان دەستنیشان کرا.

سەرووسامانداندانەوە بەهەیکــەلی ڕێکخراوی چاک لەسویسرا بابەتێکی گرنگی کۆبوونەوەکە بوو.سازدانەوەی پەیوەندی ودەزگاو دەستەکانی کارکردن بەشێوەیەکی ڕێکخراو و ڕێک وپێک، لێپرسینەوەی دەورەیی لەتەواوی کارەکان وپابەندبوون بەپرەنسیبەکانی ڕێکخراوەیی و شێوازی ئوسولی کارکردن لەسەرهەمووئاستەکانوەک مەسەلەیەکی حەیاتی جەختی لەسەرکرایەوە.

گەشەدان بەرێکخستنەکانی چاک لەهەمووکانتۆنەکانی سویسرا،پەیوەستکردنی هەرچی زیاتری ڕەوەندی کوردی بەرێکخراوی خۆیانەوە و ئەنجامدانی بەپێی نەخشەیەکی ڕێکوپێک و زانستیانە بووە بڕیارو سیاسەتێکی پەسەندکراوی کۆبوونەوە.

بڕیاری ئەوەش درا بۆ ئەم قۆناغە تەواوی ئەندامە دابڕاوەکانی چاک بۆناو ڕێکخراوی خۆیان بانگهێشت بکرێنەوە و دەوورو ڕۆلی شیاوی خۆیان بگێڕن.

مەسەلەی دارایی وداهات وخەرجی ڕێکخراو،خەمخۆری و ووردبینی و ڕاشکاوی لەم مەیدانەدا،بەرزکردنەوەی ڕاپۆرتی بەردەوام بۆسەرەوە، لێپرسینەوەی خێرالەهەرپێشهاتێکی کەمتەرخەمی وکەم وکورتی نواندن و ڕاستکردنەوەیان، کۆکردنەوەی ئابوونە بەشێوەیەکی ڕێک وپێک وکردنەوەی کۆنتۆیەکی تایبەت بەرێکخراوی چاک لەسویسرا، بابەتی گەرمووگووڕی قسەوباسەکان بوون.لەم بارەیەوە ڕەخنە لە هەندێک کەمکاری و کەمو کورتی دەوورەی ڕابردوو گیران.
دیاریکردنی کات وشوێنی کۆبوونەوەی داهاتوو داوابڕگەی کۆبوونەوەکەبوو ،

6/2/2007